www.kurdistannet.org
27-11-2006 8:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەی ئەوانەی لە رووڕەشی ناترسن ... کامەران بەرزنجی

ئەی ئەوانەی لە مافی کەس ناپرسن
ئەی ئەوانەی زۆڵی مرۆڤایەتین
ئەی ئەوانەی دروستی شەیتانەتین
ئەی ئەوانەی سۆز و عەشقتان نی یە
ئەی ئەوانەی بیر و هۆشتان لا نی یە
ئەی ئەوانەی بە بەهاترین شت
دەفرۆشن بە هیچترین نرخ
ئەی ئەوانەی داوێنی ژنەکانتان
خانەخوی ی گەورەکانتە
ئەی ئەوانەی ڕەنگی رووتان
لە خەڵوزی ئاگردانە
تاکەی شەرم ناکەن
بە پەنجەی خۆ و خەتی خۆ و پێنووستان
تۆماردەکەن جاشێتیتان
وا نەزانن کاغەز و نووسیینەکان
ئەو پەڕەیە لە دیوی پشتیشەوە
سەیر بکری هەمان مانای دەخوێندری
نەخێر سێبەری پیتەکان
شەرم دەکا و دادەچۆڕی
کە چ باسی بەیان دەکا
ئەی ئەوانەی چرکەیەکن لە مێژوو
بەڵام هەرگیز وون نابن
ئەی ئەوانەی حاشی یەی باسن
ئەی ئەوانەی لە چاو دەربازنابن
ئەی ئەوانەی بە دەنگ و ڕەنگی خەڵکی یەوە
گۆرانی خەڵکی دەدزن
لە دۆبلاژا ڕسوا دەبن
فیشەکەکان، سەنگەرەکان، پەنجەکانتان
سینگی بی گوناه و برینی مناڵەکان
بی باوکەکان، کەڵەکی ڕەزەکانیش
کانی یە پڕ کراوەکان و دارچواڵە براوەکان
دارگوێزە شکاوەکان
شارۆچکەی تەختکراو و ماڵە رووخاوەکان
شایەدی دەدەن لە دوو جیهان
کەئێوە بوون بەدکاران
کە ئێوە بوون بی ناوزەکان

1989 .12 .09